# چەند ڕێنماییەکی پوخت و ئاسان

# بۆ

# چـارەسەری کێشەی هـاوسەران


نووسینی

ئازاد پێنجوێنی



١٤٤١ی کۆچی ٢٠١٩ی زاینی

چاپی یەکەم

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا
وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ

٢١ ﴾ {الروم: ٢١ }.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

رَبَّنَا تَقَبَّلۡ مِنَّآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ

الْحَمْدُ لِلّهِ، وَالْصَّلَاةُ وَالْسَّلامُ عَلَى رَسُولِ اللهِ مُحَمَدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِينَ.


**ناوی کتێب**: چەند ڕێنماییەکی پوخت و ئاسان بۆ چارەسەری کێشەی هاوسەران.

**ناوی نووسەر**: ئازاد پێنجوێنی.

**ژمارەی لاپەڕە**: ٢٥ لاپەڕە.

**نۆرەی چاپ**: یەکەم.

**ساڵی چاپ**: ١٤٤١ك – ٢٠١٩ز.

**چاپ خانەی**: زانا.



**ئیمەیل**: Azadpenjweny١٥١@gmail.com



مافی لەچاپ دانەوەی پارێزراو نیە.

# پێشەکی

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على رسوله الأمين محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە خاوەنی هەموو دروستکراوانە، وە گەورەی هەموو گەورەکانە، ئەوخودایەی کە گەورەترین نیعمەتی خۆی داوە بە بەندەکانی ئەویش هاوسەرگیرییە بەشێوازێکی شەرعی بە حەلاڵی و بەپاکی، وە هۆشداریشی پێداوین کە خۆمان بپارێزین لە خیانەت و تاوان و خراپەکاری لە ڕێگەی کتێبەکەیەوە کە قورئانی پیرۆزە.

ئەم ڕۆژگارەی تێیدا دەژین پڕبووە لە خراپەو تاوان و سەرپێچی خوای پەروەردگار، بەم هۆیەوە هاوسەران تووشی کێشەو نارەحەتی زۆر بوونەتەوە وە منداڵەکانیشیان بێبەش نەکردووە لەو کێشانە، بۆیە لەم نوسینەدا هەستاوم بە چەند ڕێنماییەکی کورت بۆ هاوسەران هەتاکو خۆیان و ماڵ و منداڵیانی پێ بپارێزن وە کۆمەڵگەش توشی دارمان و زیان نەبێت لەدەستیان بەڵکو سود مەند بێن لێیان.

داواکارم لەخوای پەروەردگار دڵ و دەرونمان پاك بکاتەوە لە تاوان و سەرپێچی، وە ماڵ و منداڵمان بپارێزێت لە کێشەو نارەحەتییەکانی دونیا ئامین...

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلّا أنت أستغفرك وأتوب إليك، وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

بەندەی هەژار و موحتاج بەڕەحمی خوا:

**ئازاد پێنجوێنی**

سلێمانی\ ئازادی

ڕۆژی شەممە

ڕۆژی عەرەفە- ٩\ذو الحجة \١٤٤٠ کۆچی

١٠\ئاب \٢٠١٩ زاینی

# چەند ڕێنماییەکی پوخت بۆ ئەو هاوسەرانەی دەیانەوێت چارەسەری کێشەکانیان بکەن

هەموو ماڵ و کارگە و وڵاتێك پێویستی بەوەیە کەسێك سەرپەرشتی بکات و بەڕێوەی ببات، هەروەکو چۆن ئەم کەونە کەسێك بەڕێوەی دەبات و هەمووومان لەژێر دەسەڵاتی ئەودا دەژین کە ئەویش (الله) یە، پاکی و گەورەیی بۆ خودای بێ هاوتا مرۆڤایەتی بەو شێوەیە دروست کردووە کە دەبێت هەموو شوێنێك کەسێك ئەمیر و گەورەی بێت، وە ناشبێت دوو کەس بن چونکە بەڕێوە نابرێت، هەموو ماڵێکیش پێویستی بەوەیە تا کەسێك سەرپەرشتی بکات و بەڕێوەی ببات کە ئەویش پیاوی ماڵە(پیاوێکی ژیر و تێگەیشتوو لەدین)، خۆئەگەر ژن و پیاو هەردوکیان بیانەوێن گەورە و بەڕێوەبەری ماڵبن ناکرێت و ناگونجێت، چونکە ماڵ بەو شێوەیە بەڕێوە ناچێت، بەڵام ئەگەر ژن گوێڕایەڵی پیاوەکەی بێت وە منداڵەکانیش بەو شێوەیە پەروەردە بکات بێگومان ئەوماڵە زۆر بەختەوەردەبن و کێشەو ئاژاوە لەماڵەکاندا نامێنێت، بۆیە پێویستە ئافرەتان کاتێك دەیانەوێت هاوسەرگیری بکەن و ماڵ پێك بهێنن دەبێت بزانن چ جۆرە کەسێك

هەڵدەبژێرن تابیێتە سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەریان، وە پێویستە لەسەر باوکان و دایکانیش ئامۆژگاری کچەکانیان بکەن و فێریان بکەن کە گوێڕایەڵی هاوسەرەکانیان بن.

کەواتە بۆ دەستکردن بەژیانێکی تازە و بەختەوەرانەی نێوان هاوسەران دەبێت (کوڕ و کچ) پێشتر بزانن چۆن دەست پێ دەکەن بەو شێوەی کە بەکورتی باسمان لێوەکرد.

پێویستە لەسەر هاوسەران (واتە: ژن و مێرد) هاوسەنگی نێوانیان ڕابگرن بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی بەهێز درووست ببێت لەنێوانیاندا، وەئەگەر توشی کێشەو ناکۆکی بوون بەم ڕێگایانە دەتوانن خۆیان چاك بکەن و چارەسەری کێشەکانیان بکەن، **لەوانە**:

**یەکەم**: دەبێت هەردوو هاوسەر هەر لەسەرەتای پێکەوە ژیانیاندا ڕێزی یەکتری بگرن، وە ڕێزێك لەنێوانیاندا بهێڵنەوە تابتوانن لەکاتی تورەیی و هەڵەشەبوون و بێ تاقەتیدا بەهۆی ئەو ڕێزەی نێوانیانەوە، وە خۆیان بپارێزن لەو بێ ڕێزیەی شەیتان دەیەوێت دروستی بکات لەنێوانیاندا، هەروەها سۆز و بەزەییان هەبێت بەرامبەر بەیەکتر وەکو خوای پەروەردگار

دەفەرموویێت: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ {الروم: ٢١}.

واتە: ﴿ وە لە نیشانەکانی ئەوە(خوایە) کە بۆی دروستکردوون لە (ڕەگەزی) خۆتان هاوسەرانێك بۆ ئەوەی ئارام بگرن لەلایاندا وە خۆشەویستی و بەزەیی خستۆتە نێوانتان، بەڕاستی لەوەدا نیشانانێك هەیە بۆ ئەوکەسانەی بیر دەکەنەوە ﴿٢١﴾ ﴾.

بۆیە پێویستە هاوسەران هەر لەسەرەتای ژیانیانەوە ڕێزی یەکتر بگرن و سۆز و بەزەییان هەبێت بۆ یەکتر و بەڕەحم و میهرەبان بن بەرامبەر یەکتر.

**دووەم**: دەبێت هەردوولایان ڕێزی خزم و کەس و دۆستی یەکتری بگرن (واتە: ژن ڕێزی خزم و کەس و دۆستی مێردەکەی بگرێت، بەهەمان شێوە پیاویش ڕێزی خزم و کەس و هاوڕێیانی ژنەکەی بگرێت)، وە لای خەڵکی بەخراپە باسی کەس و کاری یەکتر نەکەن و غەیبەتیان نەکەن، دڵنیابە ئەو کەسەی تۆ باسی خراپەی کەس و کاری هاوسەرەکەتی بۆ دەکەی ناتوانێت هیچ سودێکت پێ بگەیەنێت، ئەوە نەبێت کە ئەو خزم و کەسانەی لەبەرچاو

ناشرین دەبن، مەگەر کەسێك بێت کە شارەزای چارەسەرکرنی ئەو کێشانەی هەبێت.

**سێ یەم**: پێویستە هەندێك کات پیاو لەمافی خۆی خۆش بێت و ئەو شتەی هاوسەرەکەی داوای کردووە بۆی جێ بەجێ بکات بەپێی توانا، وە دڵی هاوسەرەکەی پێ خۆش بکات، بەهەمان شێوە پێویستە لەسەر ژنیش لەهەندێك کاتدا لەمافی خۆی خۆش ببێت، بۆ نموونە: پیاو حەز بە چوونی هاوسەرەکەی نەکات بۆ هەندێك ماڵ و تێکەڵ نەبوونی پێیان یان سەردانکردنی هەندێك کەس یاخود لەبەر نەکردنی هەندێك جل و بەرگ لەبەر هۆکارێکی شەرعی پێویستە ئافرەتیش قەبووڵی بکات و دڵی مێردەکەی نەشکێنێت و نەچێتە ئەو ماڵانە یان ئەو جۆرە جل و بەرگانە لەبەر نەکات، مادام لەبەر هۆکارێکی شەرعی بێت، هەروەها لە لەفزی فەرموودەکاندا هاتووە دەربارەی گوێڕایەڵی ژن بۆ مێردەکەی کە پێغەمبەرﷺ فەرمانی کردووە بە ئافرەتان گوێڕایەڵی پیاوەکانیان بکەن و لەقسەیان دەرنەچن، هەروەکو ئەو ئافرەتەی هاتە خزمەت پێغەمبەرﷺ و وتی: ﴿مَا حَقُّ الزَّوْجِ عَلَى زَوْجَتِهِ؟ قَالَ: حَقُّهُ عَلَيْهَا أَنَّهُ لا تَخْرُجُ مِنْ بَيْتِهَا إلا بِإِذْنِهِ، فَإِنْ فَعَلَتْ مَقَتَهَا اللَّهُ،

تَبَارَكَ وَتَعَالَى، وَمَلائِكَتُهُ؛ مَلائِكَةُ الرَّحْمَةِ، وَمَلائِكَةُ الْغَضَبِ؛ حَتَّى تَتُوبَ أَوْ تَرْجِعَ﴾[1]، واتە: ﴿مافی پیاو چیە لەسەر ژنەکەی؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: حەقی پیاو لەسەر ژنەکەی(هاوسەرەکەی) ئەوەیە کە(ژنەکەی) لەماڵ دەرنەچێت مەگەر پیاوەکەی ڕێگەی پێدابێت، خۆ ئەگەر (ئافرەتەکە) ئەوکارەی ئەنجام دا ئەوە خوای گەورە و فریشتەکان و" فریشتەی ڕەحمەت و فریشتەی غەزەب، ڕقیان لێی دەبێتەوە هەتا(ئەو ئافرەتە) تەوبە دەکات یان دەگەڕێتەوە﴾، بەم شێوەیە پێغەمبەرﷺ ئاگاداری ئافرەتان دەکاتەوە کە بەبێ پرسی مێردەکانیان لەماڵ دەرنەچن و گوێڕایەڵیان بکەن، خۆ ئەگەر ئافرەت گوێڕایەڵ بوو ئەوە بێگومان ئەوکاتە هەردوکیان باشتر دەتوانن بەسەر کێشەکانیاندا زاڵ ببن و نەهێڵن کێشەی خێزانی پەرە بسێنێت لە نێوانیاندا و کۆتایی پێ بهێنن.

**چوارەم**: دەبێت هەردوو هاوسەر بڕیار بدەن کێشەی خێزانییان لەنێوان خۆیاندا چارەسەر بکەن، هەر ڕۆژەو لای کەسێك کێشەکانیان باس نەکەن و گلەیی و گازندەییان نەبەنە لای خەڵکی تر، تەنانەت نەهێڵن کەسە

---

١- حسن: جامع الترمذي: (٩٦٧)، (١٠٥٥).

نزیکەکانیشیان بەکێشەکانیان بزانن خۆیان چارەسەری بکەن بەیەکەوە، مەگەر حاڵەتی زۆر تایبەت و قورس نەبێت کە پێویست بکات.

**پێنجەم**: دەبێت هەردوو لایان هەوڵ بدەن هیچ کات باسی نهێنی ژیانی هاوسەریی خۆیان لای کەسی تر باس نەکەن، بەتایبەت لای هاوڕێ کانیان، جا باسەکە هەر شتێك بێت وەکو(چۆنییەتی نان خواردن و خەوتن و خۆ شۆردن و ئیش کردنیان)، چونکە زۆر بەداخەوە بەشێکی زۆری کێشەکانی ئەمڕۆ کە دروست دەبێت لەنێوان ژن و مێرد دا ئەوەیە: دەچن هەرچی نهێنی ماڵی خۆیان و ژیانی هاوسەرییانە لای هاوڕێکانیان باسی دەکەن تا وای لێ دێت ئەو هاوڕێیانەیان ئاگاداری هەموو شتێکیان دەبن، هەتا دەشزانن چەندە پارەیان هەیەو چۆن دەخەون و دەژین، بەمەش دەرگای کێشەکانی نێوانیان والآتر دەبێت و ئاژاوە ڕوو لەماڵیان دەکات، لەکاتێکدا ئەو هاوڕێیانەیان ناتوانن هیچ چارە سەرێکیان بۆ بدۆزنەوە هەتا لەبەرچاویشیان ناشرین دەبن.

**شەشەم**: دەبێت هەردوو هاوسەر لەکاتی گەڕانەوەیاندا بۆ ماڵەوە سەلام لە یەکتر بکەن، هەروەکو پێغەمبەرﷺ فێری کردووین و فەرموویەتی: ﴿لا

تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا، وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا، أَوَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ، أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ﴾[٢]، واتە: ﴿ناچنە بەهەشتەوە هەتا باوەڕ نەهێنن، وە نابنە باوەڕدار هەتا یەکتریتان خۆش نەوێت، ئایا شتێکتان پیشان بدەم بەهۆی ئەوەوە یەکتریتان خۆش بوێت، سەلام کردن لەناو یەکتریدا بلاّو بکەنەوە(سەلام لەیەکتری بکەن)﴾.

وە لەفەرموودەیەکی تردا فەرموویەتی: ﴿تَقْرَأُ السَّلَامَ عَلَى مَنْ عَرَفْتَ وَمَنْ لَمْ تَعْرِفْ﴾[٣]، واتە: ﴿سەلام بکە لەوەی دەیناسی وە لەوەشی نایناسی ﴾.

بەم شێوەیە پێغەمبەرﷺ فێرمان دەکات سەلام بکەین لەوەی دەیناسین و لەوەشی نایناسین، جا چ بگات بە هاوسەر و مندالّی خۆت، بێگومان هاوسەری خۆت لەپێشترە تا سەلامی لێ بکەیت وە بەم شێوەیە زیاتر ڕێزی یەکتر دەگرن.

**حەوتەم**: دەبێت پیاو هەمووکات دەست خۆشی لەهاوسەرەکەی بکات لەسەر خواردن و خواردنەوەکانی کە بۆی دروست کردووە و هیلاك و ماندو بوونی

---

٢- أخرجه البخاري: (١١)، (١٢).

٣- أخرجه البخاري: (٥٦)، (٨٤).

پێوە چەشتووە، وە پێغەمبەرﷺ فێرمان دەکات دەست خۆشی لە خاوەن مالّ و کەیبانووی بکەین بۆ ئەو ماندو بوون و ئەزیەت کێشانەیان هەروەکو فەرموویەتی: ﴿اللهُمَّ بَارِكْ لَهُم فِيْمَا رَزَقْتَهُم، وَاغْفِرْ لَهُم وَارْحَمْهُم﴾[٤]، واتە: ﴿خوایە بەرەکەت بخەرە ئەو ڕۆزییەی پێت داون و، لێیان خۆشبەو بەزەیت پێیاندا بێتەوە﴾.

بەو دەست خۆشییە ژنان ماندوو بونیان دەردەچێت، بۆیە نابێت پیاوان لەبیریان بچێت دەست خۆشی لە هاوسەری خۆیان و لەهەرکەسێکی تر بکەن کە خواردنی بۆ درووست کردوون.

**هەشتەم**: دەبێت هەردوولایان خۆیان بەدووربگرن لەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی ئەوی تریان پێی بێزار و ناڕەحەتە، هەوڵ بدەن ئەنجامی نەدەن لەبەر چاوی ئەوی تریان، بۆ نموونە پیاو زۆر کات بە پێکەنینی هاوسەرەکەی بێزارە بەدەنگی بەرز پێویستە ژنیش ئەو ڕفتارە تەرك بكات، هەتا لەشەرعیشدا ڕوانیە بۆ پیاو بەدەنگی بەرزو قاقا پێبکەنێت جا چ ئافرەتیش بێت، وە بەپێچەوانەشەوە.

---

٤- أخرجه المسلم: (١٣\١٦١٥).

**نۆیەم**: زۆر گرنگە هەردوو هاوسەر لەهەفتەیەکدا شەویك(١) یەك سەعات دابنێن بۆ گفتوگۆکردنی نێوانیان و گوێگرتن لە ووتەو ڕاو بۆچوونی یەکتر، بەم شێوەیە هەردوولا زیاتر خۆشەویست دەبن لای یەکتر و ڕێزی یەکتر دەگرن، ئەمە زۆر گرنگە جیّ بەجیّ بکرێت.

**دەهەم**: لانی کەم لەهەفتەیەکدا (٣) شەو دابنێن بۆ گوێگرتن لە وتاری ئاینی و پەروەردەیی و دەرس خوێندن، و کتێب خوێندنەوە.

**یازدەیەم**: زۆر گرنگە ژن و مێرد بزانن لەناو خەڵکیدا چۆن و بەچ شێوازێك بانگی یەکتر دەکەن و ناوی یەکتر دەهێنن، ئاساییە لای یەکتری بەچ ناوێك بانگی یەکتر دەکەن، بەڵام نابێت لەناو خەڵکیدا و لەلای میوان هەندێك ناو بەکاربهێنن، بەڵکو دەبێت بەڕێزەوە و بەناوی گونجاوو شیاو بانگی یەکتر بکەن.

**دوازدەیەم**: پێویستە لەسەر هاوسەران ئارامگربن لەسەر ئەو کێشەو ناکۆکیانەی دێتە ڕێیان و ئێخەیان پیّ دەگرێت بەتایبەتی پیاوان، چونکە شەیتان هەوڵ دەدات کێشە بخاتە نێوانیان و توڕەیان بکات لەیەکتری، هەتا هەوڵ دەدات لەناوماڵدا شت بلاّو بکاتەوە تا پیاو توڕەبکات لە هاوسەرەکەی

و کێشە دروست بکات و ببێتە هۆی جیا بوونەوەیان، خۆ ئەگەر ئارام نەگرن ئەوە ماڵ تێك دەچێت و هاوسەران لەیەکتر جوودا دەبنەوە، چونکە توڕەبوون دەرگای کردنەوەی هەموو شەڕو کێشەیەکە، بۆیە پێغەمبەرﷺ فێری کردوین و فەرموویەتی: ﴿لَا تَغْضَبْ﴾، واتە: (توڕە مەبە)، ژن و مێرد دەتوانن ئەم فەرموودیە بکەنە خاڵێکی گەورە بۆ بەرەنگار بوونەوەی شەیتان و ئارامگربن و بەسەر کێشەکانیاندا زاڵبن.

**سیازدەیەم**: پیاوان هەوڵ بدەن لەکاتی توڕەبوون و کێشەی خێزانیدا ماڵ بەجێ بێڵێت و بڕوات (١٥) دەقەیەك لەدەرەوەبێت پاشان بگەڕێتەوە ماڵەوە بەو شێوەیەش خۆی و خێزانەکەشی توڕەبوونەکەیان نامێنێت، هەروەکو پێغەمبەرمانﷺ کاتێك شتێك ڕووی بدایە لەنێوان خۆی و خێزانەکانیدا یاخود یەکێك لەهاوسەرەکانی توڕەببوایە پێغەمبەرﷺ ماڵی بەجێ دەهێشت بۆ ماوەیەکی کەم پاشان دەگەڕایەوە ماڵەوە.

**چواردەیەم**: هاوسەران هەوڵ بدەن لەکاتی توڕەبووندا ئەگەر دانیشتبوون هەستن، وە ئەگەر بەپێوە بوون دابنیشن، یاخود لەهەر شوێنێکدا توڕەبوون ئەوەیان توڕەدەبێت یان ئەوی دیکەیان ئەو شوێنە چۆل بکات بۆ ئەوەی

تورە بوونەکەی نەمێنێت، ئەمەش پێغەمبەرﷺ فێری کردووین بەو شێوەیە بکەین، وە بەوشێوەیەش دەتوانین بەسەر شەیتاندا زاڵ ببین.

**پازدەیەم**: پێویستە هەردوولا(ژن و پیاو) خۆیان بپارێزن لە داوێن پیسی و خیانەت لەیەکتری کردن و تێکەڵ بوونی ناشەرعی، چونکە زۆر بەداخەوە زۆربەی کێشەی ئەمڕۆ کەدرووست دەبێت هۆکارەکەی خیانەتی زەوجییە، بۆیە دەبێت پیاوان خۆیان بپارێزن لەو شەهوەت و ئارەزووەی بۆیان درووست دەبێت وە هاوسەرو ماڵ و منداڵەکانیشیان بپارێزن، ئەگەر پیاوان حەق و مافی تەواوی هاوسەرەکانیان بدەن بێگومان ئافرەتان زۆر بەکەمی تووشی خیانەت دەبن و نزیکی پیاوی تر نابنەوە، وە ئافرەتانیش بەهەمان شێوە مافی تەواوی پیاوان بدەن پیاوانیش ناکەونە داوی شەیتانەوەو خیانەت ناکەن، چونکە خیانەت داوێن پیسی لەگوناهە هەرە گەورەکانە، وە ئەوکەسەشی ئەنجامی بدات خوای پەروەردگار هەم لە دونیا و هەم لەقیامەتیش سەرشۆڕ و ڕسوای دەکات و سزایەکی زۆر سەخت چاوەڕێی دەکات، ئەوەتە خوای پەروەردگار لە قورئانەکەیدا کەبۆی دابەزاندوین بەجیبریل دا (علیه السلام) وە لە ڕێگەی پێغەمبەرەنازدارەکەیەوەﷺ

ئاگاداری كردوینەتەوەو فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلزِّنَىٰٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةٗ وَسَآءَ سَبِيلٗا ٣٢ ﴾ الإسراء: ٣٢، واتە: ﴿نزیكی زینا مەكەونەوە، بەڕاستی ئەوە كردەوەیەكی زۆر ناشرین و ڕێگەیەكی پیس و خراپە ٣٢ ﴾.

بەم شێوەیە خوای پەروەردگار ئاگادارمان دەكاتەوە و پێمان ڕادەگەیەنێت خۆمان بپارێزین لە زینا و خراپەكاری و خیانەت و داوێن پیسی و هاوشێوەی ئەوكارە ناشرینانە، وە بە كارێكی قێزەون و پیس ناشرین وەصفی كردووە، وە لە قیامەتیشدا بیانومان نەماوە بەوەی بڵێین نەمان زانی ئەوەكارێكی حەرام و خراپە، خوای پەروەردگار خۆمان و هاوسەر و منداڵ و دایك و خوشكمان پارێزێت لەو تاوانە ناشرینانەی خوای گەورە نەهی لێكردوون ئامین.

وە پێغەمبەرﷺ ئامۆژگاری هاوەڵە بەڕێزەكانی دەكرد و هانی دەدان هەتا نەهێڵن بێوەژن بمێنێتەوە لەناویاندا بۆ ئەوەی توشی تاوان نەبن شار و وڵاتیان بپارێزن و ڕێگربن لە ئەنجامدانی تاوان و داوێن پیسی، چونكە بێوەژن زووتر توشی تاوان دەبێت و پیاوان تووشی خیانەت و خراپەكاری

هەتا كچانی شوو نەكردووە.

**شازدەیەم**: دەبێت ژن و پیاو پلانیان هەبێت بۆ ئیش و كار و مانەوەیان لەماڵەوەدا و كاتی خەوتن و پەروەردەكردنی منداڵیشدا، خشتەیەك دابنێن بۆ ڕاپەڕاندنی كارەكانیان، بۆ نموونە ئێستە ئێمە خشتەیەك دادەنێین:

| | |
|---|---|
| سەعات٧–٨ی بەیاتی | هەستان لەخەو+ خواردنی نانی بەیانی بەیەكەوە+ خۆ ئامادە كردن بۆ چوونە سەركاری پیاوان+ پەروەردەكردنی منداڵان بەشێوازێكی شەرعی لەلایەن دایكانەوە(٥) بەدرێژایی ڕۆژ بۆ ئەوەی منداڵەكەیان سبەی سوودی ببێت بۆیان نەك زیان |
| سەعات ٤–٦ی ئێوارە | هاتنەوەی پیاو لەسەركار+ خۆ گۆڕینی و ئیسراحەتكردنی و خۆ ئامادەكردنی بۆ نوێژی مەغریب، وە خواردن ئامادەكردنی ژنان. |
| سەعات ٦–٧ی شەو | نوێژی مەغریب. |
| سەعات ٧–٨ی شەو | خواردنی نانی ئێوارە بەكۆمەڵ(٦). |
| سەعات ٨– | نوێژی خەوتن. |

٥– چونكە پەروەردەكردنی منداڵ لەسەرەتاوە تاكو تەمەنێكی نزیكی ٦– ٧ ساڵ ئەركی دایكانە نەك باوكان.

٦– چونكە خواردنی ژەمەكانی نان خواردن بەكۆمەڵ زۆر گرنگە هەروەكو لەشەرعیشدا زۆر گرنگی پێدراوە.

| | |
|---|---|
| ٨:٣٠ی شەو | |
| سەعات ٨:٣٠- ١٠ی شەو | شەوێك بۆسەردانی خزم و دۆستان و دراوسێیان و شەوێك بۆ میوانداری كردن. |
| سەعات ١٠ یاخود ١١ بەدواوە | خەوتن. |
| سەعات ٣ی شەو | هەڵسان بۆ شەونوێژ+ نوێژی بەیانی |

خشتەكە بەم شێوەیە بێت یاخود هاوشێوەی ئەم خشتەیە بێت، بەم شێوەیە هاوسەران دەتوانن زیاتر سوود لەكات وەربگرن و كاتی گفتو گۆو كارەكانیان ڕێك بخەن و زیاتر بەدووربن لە كێشەو ئاژاوە.

**حەڤدەیەم**: نەپۆشینی جل و بەرگی شەرعی لەلایەن ئافرەتانەوە، زۆرێك لەهاوسەران توشی كێشەیەك بوونەتەوە كە خۆی لە بنەڕەتدا پێی ناوترێت كەێشە بەڵكو واجبە ئافرەت خۆی خۆی داپۆشێت پێش ئەوەی پێی بووترێت، چونكە خوای پەروەردگار كاتێك بەندەكانی خۆی دروست كردووە ماددەیەكیشی لەسەر ئەرزدا بۆ دروست كردوون تا پۆشاكی لێ دروست بكەن و خۆیانی پێ دابپۆشن، ئەمەش بۆ ئەوەیە كە مرۆڤ بەڕووتی و بەبێ جل و بەرگ زۆر ناشرین و قێزەونە، هەتا ڕووتكردنەوەی مرۆڤ لای خوای

پەروەردگار سزایە بۆ ئەو کەسە هەر بۆیە کاتێك ئادەم و حەوا(سەلامی خوایان لێ بێت) کاتێك سەرپێچی فەرمانی خوایان کرد خوای پەروەردگار سزای دان سزاکەش دوو شت بوو: یەکەم ڕووتی کردنەوە و جلی بەبەرەوە نەهێشتن ئەوەبوو بەگەڵای دارەکان خۆیان داپۆشی ئەمەش وەك سزایەك بۆیان، دووهەمیش لەبەهەشت دەری کردن، جا گەر بەوردی لەم سزایەی خوای پەروەردگار بڕوانین سزایەکیانی ڕووت کردنەوە بوو، بەڵام دەڵێم زۆر بەداخەوە خوشکانی بەڕێزم لە ئێستادا خۆیان بەدەستی خۆیان سزای خۆیان دەدەن و خۆیان ڕووت دەکەنەوە و جلی تەسك و ناشەرعی لەبەر دەکەن لەکاتێکدا خوای باڵادەست بە پێغەمبەرەکەی محمدﷺ دەفەرمووێت:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ٥٩﴾ {الأحزاب: ٥٩}.

واتە: ﴿ئەی پێغەمبەرﷺ بڵێ بە هاوسەرانت و بەکچانت و بەئافرەتانی بڕواداران با عاباکانیان بدەن بەسەر خۆیاندا(خۆیانی پێ دا بپۆشن)، ئەوە نزیکترە بناسرێن (بە داوێن پاك) تا بەهۆیەوە ئازار نەدرێن، وە خوا لێخۆش

**بووی میهرەبانە (٥٩).**

ابن عەباس(رضي الله عنه) دەڵێت: جیلباب: بەو پۆشاکەدەوترێت کە تەواوی جەستە لەبەری پێی هەتا تەوقی سەری دادەپۆشێت، کەواتە بەپێی نەصی قورئان پێمان گەیشتووە کە دەبێت ئافرەتان خۆیان داپۆشن، هەروەها پێغەمبەرﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت لەکاتێکدا شەوڕەویم پێکرا واتە (إسراو میعراج) دۆزەخم نیشاندرا ئافرەتانێکی تێدابوو کە زۆر پۆشتەبوون بەڵام وەك ئەوە وابوو جلیان لەبەردا نەبێت ئەوەندە جلەکانیان کەپس بوو لەبەریاندا، واتە| جلەکانیان تەسك بوو، وەکو هەندێك لە ئافرەتانی ئێستا بەو شێوەیە جل و بەرگ لەبەر دەکەن و بگرە شانازیشی پێوە دەکەن، بەڵام بەخوا ئەگەر ژیرانە لە دەقەکان بڕوانن ئەوە سزایە نەك شانازی، بۆیە خوشکی بەڕێزم گەر دەتەوێت خوا لێت ڕازی بێت ئەوە دڵی مێردەکەت ڕازی بکە بەپۆشینی جل و بەرگی شەرعی لەکاتی چوونەدەرەوەتدا و کاتی هاتنی میوانی بێگانە بۆ ماڵەکەت بۆ ئەوەی هەمیشە لەگەڵ هاوسەرەکەتدا بەختەوەربیت.

**هەژدەیەم:** خۆبەدوور گرتنی هاوسەران لەبوونی (ئەنتەرنێت و جۆرەکانی....) لەماڵەکانیاندا، چونکە بەڕاستی زۆربەی کێشەی ئەم ڕۆژە کە بووەتە هۆی زۆربوونی ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوەی هاوسەران لەیەکتری، بۆیە پێویستە هاوسەران ژیرانە لەگەڵ ئەم بابەتەدا مامەڵەبکەن بۆ ئەوەی لەو کێشانە بەدووربن، باشترین چارەسەریش لابردنی خەتی وەك(تیشك نێت و جۆرەکانییەتی)، وە بەتایبەتی بەکار نەهێنانی بەرنامەکانی (فەیسبووك و ماسنجێر و ئینستیگرام و یوتیوب) ە، بەخوا خوشك و برای بەڕێزم بەکارهێنانی ئەم جۆرە وەسائیلانە چەندێك سوودت پێ دەگەیەنێت دوو ئەوەندە زیانت پێ دەگەیەنێت، هەر لەکات بەفیڕۆدان و شتی پڕوپاگەندەو هەواڵی نادرووست و توش بوونت بەکاری ناشەرعی و خیانەت لەهاوسەرەکەت و قسەکردنت لەگەڵ ئافرەتی نامەحەرەم یان پیاوی نامەحرەمدا زیاتر نییە، ئەگەر دەتانەوێت لەم کێشانەی باسمان کرد خۆتان بەدوور بگرن خۆتان لەم جۆرە بەرنامانە بەدوور بگرن، بڕوا بکەن بەڕێزانم کەس هەبووە بەهۆی فەیسبووکەوە لەدین هەڵگەڕاوەتەوە و مورتەد بووەتەوە و چەندین کەس هەبووە بەهۆی بەکارهێنانی ئەم بەرنامانەوە

تووشی دوو ژمنایەتی بووە و خوێنی لەسەر ڕژاوە، دەی جۆرە بەرنامەیەك بەم ئەنجامانەت بگەیەنێت بۆ خۆت و ماڵ و منداڵتی لێ بەدوور ناگریت؟

ئەم خاڵانەم زۆر بەگرنگ زانی بۆیە بەکورتی باسم کردوون، وە ئەگینا خاڵی ترمان زۆرە تا ئەنجام بدرێن لەنێوان ژن و مێردا، وە بەجێ بەجێ کردنی ئەم خاڵانە دووهاوسەر دەتوانن ژیانێکی بەختەوەرو خۆش بەخت ببەنەسەر، وە دەتوانن کۆمەڵە منداڵێك پەروەردەکەن کە سودی بۆ دونیا و دواڕۆژی خۆیان و منداڵەکانیشیان هەبێت و کۆمەڵگەش سودیان لێ وەرگرێت.

# کۆتایی

لەکۆتاییدا داواکارم لە خوشکان و برایانی بەڕێزم کاتێك هاوسەرگیری دەکەن و دەچنە ماڵی خۆیانەوە هەوڵ بدەن زۆر ڕێزی یەکتر بگرن و بەسوك سەیری یەکتری و کەس و کاری یەکتریش نەکەن، وە لەکاتی توڕەبوونەکانیاندا صەبر بگرن و توڕە بوونەکە دەرنەبڕن، چونکە ئەوە شەیتانە هەوڵی تیکدانی نێوانیان دەدات، وە پیاوان خۆیان بەدووربگرن لە بەکارهێنانی وشەی تەلاق لەکاتی کاری ڕۆژانەیاندا و لەکاتی توڕەبوندا، وە پیاوان لەکاتی توڕەبونیاندا هەوڵ بدەن ئەو شوێنە چۆڵ بکەن و ماڵەکە چۆڵ بکەن بۆ ماوەیەکی کەم، وە هەردولایان خۆیان بپارێزن لە خیانەت و داوێن پیسی.

بەم ڕێگایانە هاوسەران دەتوانن خۆیان بپارێزن لە کێشەکان و چارەسەری کێشەو مەشاکیلەکانیان بکەن، ئێمەش لەدوعای خێرتان بێبەش مەکەن.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين، وصلى الله وسلم على حبيبنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

بەندەی هەژار و موحتاج بەڕەحمی خوا:

**ئازاد پێنجوێنی**

سلێمانی\ ئازادی

ڕۆژی شەممە

ڕۆژی عەرەفە- ٩\ذو الحجة \١٤٤٠ کۆچی

١٠\ئاب \٢٠١٩ زاینی

# ناوەڕۆك

**پێشەکی** .............................................................. ١

**چەند ڕێنماییەکی پوخت بۆ ئەو هاوسەرانەی دەیانەوێت چارەسەری کێشەکانیان بکەن** .............................................................. ٣

**یەکەم**: ڕێزگرتنی یەکتر .................................................... ٤

**دووەم**: ڕێزگرتنی خزم و کەسانی یەکتر ...................................... ٥

**سێ یەم**: لەمافی خۆت خۆش بە .............................................. ٦

**چوارەم**: کێشەی خێزانیتان لەنێوان خۆتاندا چارەسەر بکەن ..................... ٧

**پێنجەم**: باسی نهێنی ژیانی هاوسەریی خۆتان لای کەسی تر باس مەکەن .......... ٨

**شەشەم**: لەکاتی گەڕانەوە بۆ ماڵ سەلام لە یەکتر بکەن ......................... ٨

**حەوتەم**: باپیاوان دەست خۆشی لەهاوسەرانیان بکەن لەسەر خواردن و خواردنەوەکانیان ...................................................... ٩

**هەشتەم**: خۆتان بەدووربگرن لەو ڕەفتارانەی کە ئەوی ترتان پێی بێزارە.......... ١٠

**نۆیەم**: هەفتەی شەوێك(١) یەك سەعات دابنێن بۆ گفتوگۆکردنی نێوانتان و گوێگرتن ڕاو بۆچوونی یەکتر .................................................. ١١

**دەهەم**: هەفتەی (٣) شەو دابنێن بۆ گوێگرتن لە وتاری ئاینی .................... ١١

**یازدەیەم**: بزانن چۆن لەناو خەڵکیدا بانگی یەکتر دەکەن ......................... ١١

**دوازدەیەم**: ئارام بگرن لەسەر ئەو کێشەو ناکۆکیانەی دێتە ڕێتان و ئێخەتان پێ دەگرن ........................................................................ ١١

**سیازدەیەم**: پیاوان لەکاتی توڕەبوون و کێشەی خێزانیدا(١٥) دەقەیەك ماڵ بەجێ بێلن .................................................................. ١٢

**چواردەیەم**: لەکاتی توڕەبووندا ئەگەر دانیشتبوون هەستن ........................ ١٢

**پازدەیەم**: خۆیان بپارێزن لە داوێن پیسی و خیانەت لەیەکتری کردن و تێکەڵ بوونی ناشەرعی ............................................................ ١٣

**شازدەیەم**: پلان(خشتە) یەك دابنێن بۆ ئیش و کار و مانەوەتان لەماڵەوەدا و کاتی خەوتن و پەروەردەکردنی منداڵیشدا هاو شێوەی ئەو خشتەیەی دامان ناوە ...... ١٥

**حەڤدەیەم**: لەبەرکردنی جل و بەرگی ناشەرعی لەلایەن ئافرەتانەوە ............. ١٦

**هەژدەیەم**: تا دەتوانن خۆتان بەدووربگرن لە(ئەنتەرنێت و جۆرەکانی....) لەماڵەکانیاندا ............................................................ ١٩

**کۆتایی** ............................................................ ٢١

**ناوەڕۆك** ............................................................ ٢٢

**سەرچاوەکان** ............................................................ ٢٤

# سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز مصحف المدینە.

تەفسیری ڕامان.

پوختەی تەفسیر.

صەحیحی بوخاری.

صەحیحی مسلیم.

جامعی تیرمزی.